گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە

**أمير محمد محمدامين**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین- هولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Amir.muhammadamin@su.edu.krd

**پ.د. عەبدوڵلا حوسێن ڕسول**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین- هولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Abdullah.Hussein@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/٦

پەسەندکردن:٢٠٢٢/٢/١٦

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**

Lingua Franka, Language, Ethnicity, Sociolinguistics, Kurdistan region.

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.7.3.1

**پوختە**

دیاریکردنی زمانێکی هاوبەش لە ڕوانگەی کۆزمانەوانیدا بۆ ئەم کۆمەڵگەیانەی، کە بە کۆمەڵگەی فرەزمانی ناسراون و لە سنورێکی دیاریکراوی جوگرافی، وەکو هەرێمێك، یاخود وڵاتێك، کە بەیەکەوە دەژین و سیستەمێك کۆیان دەکاتەوە و کاروباری ڕۆژانەیان بەو سیستەمە ڕایی دەکەن، پێویستییەکی هەنووکەییە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە)، سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە ئاخێوەرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە لە خۆدەگرێت. شێوازی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئاخێوەرانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی بژاردەی هەڕەمەکی(Random) و مەیدانی دەست بە دەست، سنوری کۆکردنەوەی داتاکانیش بۆ زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە. ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی کۆزمانەوانیی شیکاری کارەکی و پڕۆگرامی ئێس پی ئێس ئێس (SPSS)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیڕەو کراوە، ئەم پرۆگرامە داتاکان بە شێوەی خشتە دیاریدەکات و شیاندەکاتەوە و دەرئەنجامەکان دەخاتەڕوو.
توێژەر گریمانەی ئەوەی کردووە، کە هەرێمی کوردستان لە چەندین نەتەوە و ڕەگەز و زمانی جیاوازەوە پێکهاتووە، پێویستە یەکێك لە زمانەکانی ئەم هەرێمە بە تایبەتی زمانی کوردی، ببێتە زمانی هاوبەش بۆ ئاخێوەرەکانی، کە ڕۆژانە بە هۆکاری جیاجیا بەریەك دەکەون. ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەی پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.
وشە سەرەکییەکان: زمانی هاوبەش، زمان، مرۆڤناسی، کۆزمانەوانی، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە)، ئەمەش بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ خستنەڕووی دەرئەنجامی وەڵامی پرسیارەکان، ڕێگەیەکی تازەی ئاماری زانستییە لە بواری کۆزمانەوانیی کوردیدا، و ژمارەیەك پرسیاری خستۆتەڕوو، هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1_ ئایا زمانێك لە هەرێمێك، یاخود وڵاتێك خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان بێت، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتە زمانێکی باڵادەست، یاخود نەزانینی ئەم زمانە گرفتت بۆ دروستدەکات؟

2_ ئایا زمانی هاوبەش دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئاخێوەرە زمان جیاوازەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، یاخود دەبێتە هۆی دیاریکردن سنورێکی جوگرافی؟

3_ ئایا پشتگیری لەوە دەکەیت، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گشت ئاخێوەرە زمان جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندریت؟

4_ ئایا زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە خورتی و بە ناچاری لەگەڵ ئاخێوەراندا بەکاردەهێنرێت؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوازی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئاخێوەرانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەی بژاردەی هەڕەمەکی (Random) و مەیدانی دەست بە دەست، سنوری کۆکردنەوەی داتاکانیش بۆ زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە و ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی کۆزمانەوانیی شیکاری کارەکی و پرۆگرامی ئێس پی ئێس ئێس (SPSS)، پەیڕەو کراوە. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەی پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەش، لە بەشی یەکەمدا باسەکانی بریتین لە کۆزمانەوانی، زمانی هاوبەش، پێناسەی کۆزمانەوانی، دابڕان و یەکبوونی زمان، چەندایەتی و چۆنایەتی زمان، شێوەکانی زمان، زمانی هاوبەش، زاراوەی زمانی هاوبەش، چەمکی زمانی هاوبەش، مێژووی سەرهەڵدانی زمانی هاوبەش، پێناسەی زمانی هاوبەش، بەشی دووەم باس لە لایەنی کارەکی دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا دەکات و دواتر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پەیوەندیی زمان و تاکەکەس ڕووندەکاتەوە، ئینجا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پێشنیاز و پوختەی تویژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخریتەڕوو.

## 1_ کۆزمانەوانی و زمانی هاوبەش:

1_1_پێناسەی کۆزمانەوانی Sociolinguistics:

دوای ئەوەی کۆزمانەوانی، وەکو زانستێکی سەربەخۆ خۆی ناساند، زمانەوانان کەوتنە پێناسەی جۆراوجۆر سەبارەت بەم زانستەوە، هەر بۆیە بە پێویست دەزانرێت، هەندێك لەم پێناسانە بخەینەڕوو.

_ محمد علی الخولی دەڵێت: (کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانیی کارەکی، لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی دیالێکتی جوگرافی و دیالێکتی کۆمەڵایەتی و جووت زمانی و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات)(محمد علي الخولي, 1991 : 261).

_ دەیڤید کریستاڵ لە بارەی پێناسەی کۆزمانەوانیدا دەڵێت: (کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانی، لێکۆڵینەوە لەم ڕێگایانە دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا یەکدەخات، بە دیاریکراوی لەگەڵ پیشاندانی چەمکەکانی، وەکو نەژادی، مرۆڤناسی Ethnicity, ڕەگەزی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی)(Crystal, 1992: 357- 358).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

_ئەرەنۆف و میللەر ئاماژە بەوە دەکەن، (کۆزمانەوانی توێژینەوە لە دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و جۆرەکانی زمان و کاریگەری زمان لە سەر کۆمەڵگە و بە پێچەوانەشەوە دەکات و هەندێ لایەنی گرنگ و شاراوەیان پیشاندەداتن)(Aronoff and Rees- Miller, 2003: 563).

_جون لاینز لە پێناسەی کۆزمانەوانیدا، دەڵیت: (ئەو زانستەیە، توێژینەوە دەکات، لە واتای کۆمەڵایەتی لە سیستەمی زمان و بەکارهێنانی و کۆمەڵێك مەرجی هاوبەش لە نێوان ڕۆنانی زمان و کۆمەڵایەتی)(محمد محمد یونس علي، 2004: 21).

_هەر سەبارەت بە پێناسەی کۆزمانەوانی ماتیۆسMatthewsئاماژە بەوە دەکات، (کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوەیەکی زمانییە، پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە)(Matthews, 2011: 372).

لێرەدا لە پێناسەیەکی تردا بەم جۆرە کۆزمانەوانی دەناسێنین.

_کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی جۆرەکانی دیالێکت و زمانەکان و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات.

بەم شێوەیە زمان و کۆمەڵگە بە یەکترییەوە گرێدراون و نابێت لە یەکتری جودا بکرێنەوە، واتە هەردوولایەن هاوتەریب و تەواکەری یەکترن و دژی یەکدی نین و هەر یەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات. واتە؛ کۆزمانەوانی، وەکو زانستێك لایەنی پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگەوە چییە، دەیخاتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوە، تاکو ڕایەلەی پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی ڕوون بدۆزێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە کۆزمانەوانی بایەخ بە لایەنی ئەزمونی لە بەکارهێنانی زمان لە ناو کۆمەڵگەدا دەدات و باس لە هەمەلایەنی پسپۆرییەکان دەکات و لە لایەکی ترەوە هەمەجۆری و فرەزمانی و شێوەکانی زمان لە تاکە کۆمەڵگەیەدا دەستنیشان دەکات. سەرەڕای ئەوەی کۆزمانەوانی بە بەشێك لە زمانەوانیدا دادەنرێت، بەدواداچوونیش لەو ڕێباز و شێوازانەش دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگە بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، سەبارەت بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەگەر وابوو، زمانەوانی لە (درکاندن)ی مرۆڤ لە (بەشەکانی) یان (بەشکردنی) بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو، لە پێناو لێکۆڵینەوەدا، بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی جیابکرێتەوە، هەربۆیە کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات، بەو دەربڕینەی، کە لە کۆمەڵگەدا دێنێتەدی، یاخود لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی زمانەوانیدا دەکات، کاتێك کاردانەوەی زمانی دەبێت(عبده الراجحي,1995: 24). واتە؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت، بۆ تێگەشتن و شیکردنەوە لە زمانەوانیدا گوتن بە پێی پێوەر بەش بەش بکرێت, کە ئەم گوتنە لە کۆزمانەوانیدا سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، ئنجا لەو کاتەدا بە پێی کاردانەوەی زمانی، دەکرێت دیاردەکانی زمانەوانی دیاری بکرێت. بەم جۆرە (کۆزمانەوانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تاقیکاری بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا (...) بوارێکە توێژینەوە لە فرەپسیۆرییەکان دەکات و گرنگیەکی زۆر بە هەر یەك لە هەمەجۆریی زمان و فرەزمانی و شێوەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەدات)(Aronoff and Rees- Miller, 2003: 563).

## 1_1_1_دابڕان و یەکبوونی زمان:

لەبارەی دابڕان و یەکبوونی زمان لە بابی دوازدەمی تەوراتدا داستانێك هەیە، بە ناوی داستانی بورجی بابل، کە ناوەرۆکی ئەم داستانە بەم شێوەیەیە: (لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا هەموو مرۆڤەکان بە یەك زمان قسەیان دەکرد. دواتر هەموویان بە یەکەوە کۆبوونەوە و وتیان با هەموومان پێکەوە لە سەر زەوی شارێك بۆ خۆمان دروست بکەین و بورج و بینای وا بەرز بێت، کە لە ئاسماندا بدرەوشێتەوە، تاکو خۆمان لە دابڕان و دابەشبون ڕزگاربکەین. لەو کاتەدا خواوەند هاتە خوارەوە و بەم بورج و بینایانەی سەرسام بوو، بۆیە خواوەند بۆ نەهێشتنی نەخشە و بیرۆکەی مرۆڤەکان ڕاماو کارێکی کرد، کە چیتر مرۆڤەکان لە زمانی یەکتر نەگەیشتن و دابڕان و دووبەرەکی لە نێوانیان دەستی پێکرد و لە سەر زەوی بڵاوبونەوە)(هێرش کەریم،2011: 22). ئەم داستانە ئەگەرچی داستانێکی کەتواری نییە، بەڵام چەند ڕاستییەك لە خۆدەگرێت، ئەویش بە شێوەیەکی ئاشکرا هەست بە بونی زمان دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە زمان وا لەگەڵ ژیانی مرۆڤ تێکەڵ بووە، بە هیچ شێوەیە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت. لە هەمان کاتیشدا گۆڕانە زمانەییەکان بە دیالێکتەکانیشەوە، چ بە دوورکەوتنەوە، چ بە نزیکبونەوە لەیەکتری بە ڕوونی لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕەنگی داوەتەوە.

هەربۆیە (لە ژیانی زماندا، دوو لایەنی جیاواز و دژ بە یەك هەیە، یەکێکیان بەرەو دابەشبوون بۆ زمان و دیالێکت دەڕوات و دووەمیان بەرەو یەکگرتن و فرەوان بوون دەچێت. ئەم دابەشبوون و یەکگرتنەی زمان بە هۆی ڕووداوەکانەوە دەبێت و کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵەکانی زمان دەبێت)(محمود السعران، 1963: 170). بۆ نموونە ئەم دابەش بوونە ((بووە هۆی پەیدابوونی گریکی کۆن و لاتینی و سەنسکریتی لە زمانی هیندوئەورووپی بنچینەوە و یان پەیدابوونی فەرەنسی و ئیتالی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئیسپانی لە کەرتبوونی زمانی لاتینیەوە))(محمد معروف فتاح،2011: 109). بەم پێیەی زمان لە ناو کۆمەڵگەدا کاردەکات، بەردەوام دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم ڕووداوانەی لە ناو کۆمەڵگە ڕوودەدەن، بەو هۆیەشەوە زمان لە ململانێی بەردەوام دایە و بەرەو گۆڕان دەڕوات. جاری وا هەیە، ئەم گۆڕانە زمان، یان دیالێکتە بەرەو زاڵبوون و باڵادەست دەبات و جاری واش هەیە، ئەم زمانە، یان دیالێکتە بەرەو لێکترازان و جیاوازی و دورکەوتنەوە دەبات. لەم سۆنگەیەوە (دوو خواستی دژ بەیەك، ئاڕاستەی زمان بۆ دوو ڕێگەی جیاواز دەبەن، ئەوانیش هۆکاری دابڕانی زمانی و هۆکاری یەکبوونی زمانییە. دابڕانی زمانی، زمان بەرەو دابڕان و جیابوونەوە دەبات و یەکبوونی زمانیش، زمان بۆ هاوسەنگی زمانی دەگەڕێنێتەوە و لە ئاکامی ململانێی ئەم دوو هۆکارەدا: هۆکاری دابڕان و هۆکاری یەکبوون، زمانی جۆراوجۆری جیاواز لە زمانی تایبەت و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و دیالێکتەکانی هەرێمی و زمانی هاوبەش، لە لای یەك گەل پەیدادەبێت)(حاتم صالح الضامن,1989: 115). کەواتە؛ ئەم ململانێیە وا دەکات، لە ناو خودی یەك زماندا دیالێکت و زمانی جۆراوجۆر لە ئاستی جیاوازدا سەرهەڵبدات و کۆمەڵگە بۆ پلە و چین و پیشەی هەمەجۆر دابەش بکات، کە هەر یەکەیان پێویستیان بە بوونی ئەم جۆرە دیالێکتە، یان زمانە لە پلە و چین و پیشەی خۆیان هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی لە زماند بوونی هەیە.

### 1_1_2_چەندایەتی و چۆنایەتی زمانی:

کاتێك دوو زمان بە هەر هۆکارێك بەریەك دەکەون، ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی دەکەونە ملمڵانێ و بەو هۆیەشەوە گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و زمانی ڕوودەدات. واتە؛ کاتێك ((دوو زمان بەهۆی شەڕوشۆڕ و داگیرکاری و بازرگانی و کۆچکردنەوە لە یەکتر دادەبڕێن، یان تێکەڵ دەبن و دەکەونە ململانێی تاوەکو یەکیان دەبێتە سەر دەستە))(فەریدوون عەبدوول بەرزنجی و سەباح رەشید،2013: 22). بەم شێوەیە زمانەکان دەکەونە بەرانبەر دوو دۆخی زمانی لە پێناو سەرکەوتنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا.

لە دۆخی یەکەمدا، کە لە ڕووی چەندایەتییە، ئەگەر (دوو میللەت دواکەوتوو بن لە ڕووی شارستانیەت، ژمارەی یەکێکیان لە هی ئەوەی تر زۆرتر بێت، جا لەبەر ئەوەی زمانی دانیشتووانەکەی زۆرە، خۆی بەسەر زمانەکەی تردا زاڵ دەکات و دەبێتە زمانی هەمووان، بەمەرجێك هەردوو زمانەکە

لە یەك ڕەچەڵەکی زمانی بن)(عەلی عەبدولواحید وافی،2007: 243). یاخود ((ئەگەر خاوەن هەردوو زمانەکە لە ڕووی شارستانییەوە نزم بوون ئەو کاتە بنەمای چەندایەتی ڕۆڵ لەو سەرکەوتنە دەگێڕێ لەوەی دوو نەتەوە لە ڕووی ژمارەوە زۆرتر بن، ئەو کاتە سەرکەوتن بۆ ئەو دەبێ))(فەریدوون عەبدوول بەرزنجی و سەباح رەشید،2013: 24-25). بۆ نمونە کاتێ ئینگلیزییەسەکسۆنییەکان، لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە هاتنە ئینگلتەرا و زۆری پێنەچوو زمانەکەیان بەسەر زمانی سەڵتی زاڵبوو، کە سەڵتییەکان دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەکەش بوون، چونکە ژمارەی سەڵتییەکان لەم ناوچەیە کەم بوون. هەردوو زمانەکەش لە ڕووی شارستانییەت و ڕۆشنبیرییەوە دواکەوتوو بوون و سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئەورووپییەوە بوون.

لە دۆخی دووەمدا، کە لە ڕووی چۆنایەتییە. واتە؛ ((کاتێك یەکێك لە نەتەوە خاوەن شارستانییەتێکی بەرزن، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە کەمیش بن لەو جۆرە ململانێیەدا سەرکەوتن بۆ زمانی خاوەن شارستانی دەبێ))(هەمان سەرچاوە: 25). ئەگەر (میللەتی سەرکەوتوو لە ڕووی شارستانیەتەوە لە هی سەرنەکەوتوو پێشکەوتوو تر بێت، لەم دۆخەدا زمانەکەی سەرکەوتن بەدەست دێنیت و دەبێتە زمانی دانیشتووانەکە، ئەگەر ژمارەی میللەتەکەشی کەمتر بێت، دەبێت هەردوو زمانەکەش سەر بە یەك خێزانە زمان بن) (عەلی عەبدولواحید وافی،2007: 244). بۆ نمونە ڕۆمانەکان دوای ئەوەی ناوەڕاست و خوارو و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایان داگیرکرد، زمانەکەیان، خۆی بە سەر زمانەکانی ئیتاڵی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئەڵبی ناوەڕاست و ئەلیریای ناوچەکە زاڵکرد، یاخود ئارامییەکان بە هۆی داگیرکاری ئەو وڵاتانەی، کە بە زمانی ئەکادی و فینیقی و عیبری قسەیان دەکرد، زمانەکەی خۆیان بەسەر ئەو زمانانەدا زاڵکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکان و ئارامییەکان ژمارەیان کەمتر بوو لە بەرانبەر دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکان، بەڵام خاوەنی شارستانییەتی پێشکەوتووتر بوون لە بەرانبەر ئەواندا.

لە هەردوو دۆخەکەدا، لە دۆخی(چەندایەتی و چۆنایەتی) زاڵبوونی زمانێك بە سەر زمانێکی تردا پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، هەندێ جار دوو تا چوار سەدە، ڕەنگە زیاتریش بخایەنێت، ئەگەر لە یەك بنەچەی زماندا بن. جاری واش هەیە زمانێك بە سەر زمانێکی تردا بە زەحمەت و بە ماوەیەکی درێژ زاڵدەبێت، بە بێ ئەوە لە خێزانە زمانی خۆی دابێت. بۆ نمونە بولغارییەکان، کە لە بنەچەدا فینوانینFinois, کە هاتنە بەڵقان و لەگەڵ میللەتانی سەقالیب(سلاڤی) تێکەڵ بوون، زمانەکەیان نەما

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لە جیاتی ئەو زمانی سەقالیبان بەکارهێنا، چونکە ژمارەی بولغارییەکان لە بەرانبەر سەقالیبیەکان زۆر کەم بوون.[1]

**1_1_3_شێوەکانی زمان:**

کۆزمانەوانی، شێوەکانی زمان لەسەر بنیاتی کۆمەڵگە دادەڕێژێت. هەر بۆیە (زمان لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، لە دابەشکردنێکی نوێدا بە پێی پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی ڕووکاری خەڵکی و میرییەوە، خۆی لە چەند شێوەیەك دەبینێتەوە)(محمد معروف فتاح،1986: 125). ئەم تێڕوانیینە، وا دەکات، کە زمان بە گوێرەی ئەو شێوەیەی، کە لەناو کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت، شێوەی جیاواز وەربگرێت و ناوی جیاوازیشی لێ بنرێت، بەم شێوەیە.

**1_1_3_1_زمانی هاوبەش Lingua franca:**

**1_1_3_1_1_زاراوەی زمانی هاوبەش:**

سەرەتا زاراوەی زمانی هاوبەش، وەکو زاراوەیەکی زمانی پێویستی بە ناساندن هەیە، هەربۆیە (لینگوا فرانکا زاراوەیەکە لە زمانەوانیی کۆمەڵایتی بەکارهاتووە) (Crystal,2008: 282). و (لە زمانەوانیدا زمانی هاوبەش بە لینگوافرانا دەناسرێت) (شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا،2011: 65). و (لینگوافرانکا بەمانایFrankish tongue واتە، زمانی ئەلمانی کۆن، یان زمانی فرانکەکان دێت)(Crystal,2008: 230).و (ئەنتوان مایبە زاراوەی فەرەنسیLangue commune بەکارهێناوە و دکتۆر محمد مندور زاراوەی زمانی گشتی بەکارهێناوە و دکتۆر عبدالسلام المسدی زاراوەی زمانی هاوبەشی بەکارهێناوە)(عمر رشید شاکر السامرائي،2017: 40). و لە بەرانبەر لینگوا فرانکا زاراوەی (Frankish Language)(کامیار سابیر،2009: 22). بەکاردێت و بەرانبەر زاراوەکەی مایبە بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە Language Common. و (هەندێ جار بە لینگوافرانکا دەگووترێت ئینترلینگوا Interlingua)(Crystal,2008: 282). و لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (اللغة المشترکة) بۆ بەکاردێت(رمضان عبدالتواب,1985: 165).

---

[1]بڕوانە(عەلی عەبدولواحید وافی،2007: 244-245)،(فەریدوون عەبدوول بەرزنجی و سەباح رەشید،2013: 24).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیە، دکتۆر وریا عمر ئەمین ئاماژەی بەوەکردووە، کە ((لە زۆر شوێنی تری ئەم جیهانەدا چەن میللەتێکی جیاواز پێکەوە ئەژین هەر یەکە زمانی خۆی هەیە و پێوەندی لە نێوانیانا هەیە. یەکێ لەم زمانانە ئەبێ بە زمانی هاوبەش بەو هۆیەوە هەموو لەیەك ئەگەن ئەم جۆرە زمانە بە لینگووەفرانکە ناوئەبرێ))(وریا عومەر ئەمین،2011: 80).

سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی لینگوافرانکا بۆ ئەم قۆناغێك پێویستیەك بووە، دواتر بە تێپەڕینی کات و هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زمانی، چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهات. هەربۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، کە لە جیاتی زاراوەی لینگوافرانکا و هاوچەشنەکانی، زاراوەی زمانی هاوبەش بەکاربهێندرێت.

### 1_1_3_1_2_چەمکی زمانی هاوبەش:

مەبەست لە چەمکی زمانی هاوبەش، تێگەیشتنە لە ڕووی ناوەرۆکەوە، کە چ چەمك و واتایەك لە خۆدەگرێت. هەر بۆیە لە ئێستادا دەبینین (دانیشتووانی زۆربەی ناوچەکانی جیهان، کە خەڵکی تێدایە، بە زمانی جۆراوجۆر لەم ناوچانەدا قسە دەکەن، کۆمەڵەکان بەو هۆیەوە ئارەزووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیام و ڕیکلامی بازرگانی دەکەن)(Fromkin and etal, 2014:301). و (لینگوافرانکا دەبێتە کەرستەیەکی پەیوەندیکردنی لێکتێگەیشتن لە نێوان دوو کەس، یاخود دوو گرووپدا)(شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا،2011: 65). هەر بۆیە ((لە هەندێك دەوڵەت کۆمەڵێك ئەتنیکی دی هەیە کە بە زمانی دووەم قسە دەکەن لەگەڵ زمانی نیشتیمانی دەوڵەتەکەی جیاوازە، جا لەم حاڵەتە ئەم زمانە نیشتیمانییە دەبێتە زمانێکی هاوبەش(Lingua Franca) بۆ لەیەکگەیشتنی ئەم ئەتنیکە جیاوازانە لە دەوڵەتێکدا))(فوئاد حمە خورشید،2018: 83). بەم پێیە تاکەکانی کۆمەڵگە، پێویستییان بە ئامرازێکی هاوبەش هەیە، ئەویش خۆی لە زمانی هاوبەش دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی خواست و مەبەستەکانیان بەیەکتر بگەیەنن.

لەم ڕوانگەوە (لینگوا فرانکا، وەك زمانێکی کۆمۆن، زمانێکی باو و باڵادەستە، زمانێکە، کە کۆمەڵێ گەل، نەتەوە، یان دایەلێکت و ناوچە بەکاری دەهێنن)(کامیار سابیر،2009: 22). و (زمانی هاوبەش بۆ پێوەندیی ئەو نەتەوە و جڤاکانە بەکاردەهێنرێت، کە زمانێکی کۆمۆنیان نییە، یان کۆمەڵێ دایەلێکتی ئەوەندە دووریان هەیە، پێویستیان بە زمانێکە، کە کۆیان بکاتەوە)(هەمان سەرچاوە). یاخود زمانی

هاوبەش (زۆر جار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، وەکو زمانێکی یاریدەدەر بۆ دروستکردنی پەیوندی لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکانە بەکاردێت، کە زمانی ڕەسەنی ئاخاوتنیان جیاوازە)(Crystal,2008: 282).

هەروەها هەر کۆمەڵە خەڵکێك، کە لە ناوچەیەك نیشتەجێ بوونە و بە زمانی جیاوازەوە ئاخاوتن دەکەن، پێویستییان بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان جێبەجێ بکەن. جاری واش هەیە، نەتەوەیەك لە چەندین دیالێکت پێکهاتووە، ئەم دیالێکتانە ڕادەی تێگەیشتن لە نێوانیان دەگاتە پلەی سفر، هەربۆیە لەم کاتەدا پێویستییان بە ئامرازێکی هاوبەشی لێکتێگەیشتن هەیە.

### 1_1_3_1_3_مێژووی سەرهەڵدانی زمانی هاوبەش:

مرۆڤ دەمێکە لە هەوڵی داهێنان و هێنانەدی زمانێکی لێك تێگەیشتندایە، بۆ ئەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی ئاخاوتنی پێ بکات، یاخود هەر هیچ نەبێت، ئەو کۆمەڵگەیە، کە تیایدا دەژی و بە سنورێك دەورەدراوە لە نێو هاوەڵانیدا پەیوەندیی ئاخاوتن پێ دروست بکات. هەربۆیە ((هەبوونی زمانێکی هاوبەش لە جیهانا ئاواتێکی هەرە کۆنی مرۆڤە))(وریا عومەر ئەمین،2011: 80).

کەواتە؛ ئەم جۆرە زمانەش سەرەتا و دەستپێکێکی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، زمانێکی بازرگانیی تێکەڵاو، کە بە ڕادەیەکی زۆر پشتی بە زمانی ئیتاڵی نوێ و دیالێکتی پرۆڤیشنالیەProvencal (دیالێکتی پرۆڤیشنالیە دەکەوێتە پرۆڤێنس Provence لە باشوری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا) دەبەست و بەکاردەهێنرا لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، کە ئەو زمانە پێی دەگووترا زمانی هاوبەشLingua franca )(Fromkin and etal , 2014:302). یاخود (لینگوافرانکا، زمانێکە بە زۆری لە زمانی ئیتالی و تێکەڵاوی زمانی فەرەنسی و ئیسپانی و یۆنانی و عەرەبی پێکهاتووە و لە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بەکارهاتووە)(محمد علی الخولی،1991: 155). لەم کاتەدا (لینگوافرانکا، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گەلانی دەریای سپی ناوەڕاست بەکارهاتووە)(Crystal,2008: 230).

کەواتە؛ لینگوافرانکا قۆناغی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتا، وەکو زمانێکی بازرگانی بە پێی پێویستی قۆناغەکە بەدیارکەوت. دواتر بە تێپەڕینی کات (زاراوەی Lingua franca بەتەواوی بە سەر زمانەکانی تردا گشتێنراوە، لە سەر ئەم شێوەیە بەکارهێنراوە و بە دڵنیاییەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای ئەمە، هەر زمانێك دەتوانێت ببێتە زمانی هاوبەش)(Fromkin and etal, 2014:302). واتە؛ ئەم زمانە دوای سەرهەڵدانی لە زمانی بازرگانییەوە، گۆڕانی بەخۆیەوە دیت و شێوەکەی گۆڕا بۆ زمانێکی هاوبەش، هەموو زمانێکیش دەتوانێت، ئەم فۆڕمە لە خۆبگرێت و بەکاری بهێنێت. بۆ نموونە ((لە زەمانی عوسمانییەکان، کورد و عەرەب و تورك هەموو پێکەوە بە زمانێکی هاوبەش قسەیان دەکرد کە ئەویش تورکی بوو، زمانێکی هاوبەشی نێوانیان بوو)(فوئاد حمە خورشید،2018: 83). واتە؛ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلافەتی عوسمانیدا، ئەگەر چی زمانی تریش لە ئارادا بوو، وەکو زمانی عەرەبی، کە زمانی ئاین بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زمانی تورکی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو ئاخێوەرە زمان جیاوازەکان سنوری دەستەڵاتی خەلافەتی عوسمانیدا بۆ پەیوەندیی ئاخاوتن بەکاردەهات.

### 1_1_3_1_4_پێناسەی زمانی هاوبەش:

زمانەوانان و هەندێ لایەنی تر سەبارەت بە پێناسەکردنی زمانی هاوبەش، هەریەکەیان بە پێی بیروبۆچوون و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە پێناسەی زمانی هاوبەشی کردووە، هەربۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، هەندێ پێناسەی زمانی هاوبەش بخرێتەڕوو.

1_ یونسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی زمانی هاوبەش دەکات، کە ((زمانێکە بەردەوام بەکاردێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە خاوەنی زمانی جیاوازن بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا))(Bakir,2010:116).

2_ زمانەوان ئوتو یسپرسن لە پێناسەی زمانی هاوبەش، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (ئەو زمانەیە، لە سیفاتە زمانییەکانی هەر هەرێمێکی دیاریکراو ڕزگاری بووە)(عبدالرحمن أیوب،1966: 38).

3_ ماتیۆسMatthews وا پێناسەی زمانی هاوبەشی کردووە (هەر زمانێك بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵەکان بەکارهات، کە کۆمەڵەکان هیچ زمانێکی تری گشتی لە نێوانیاندا نەبێت، ئەو زمانە دەبێتە زمانی هاوبەش)(Matthews,2011: 227).

4_ لە پێناسەیەکی تری زمانی هاوبەشدا زمانەوانی فەرەنسی ڤندریس دەڵێت، (زمانی هاوبەش هەمیشە لەسەر بنچینەی هەبوونی زمانێك جێبەجێ دەکرێت، بەو هۆیەی ئەو زمانە هەبووە، وەکو زمانێکی هاوبەش لە لایەن تاکە جیاوازەکانی ئاخێوەرانەوە وەردەگیرێت)(ج. ڤندریس،2014: 328).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5_ محمد علی الخولی لە پێناسەکردنی زمانی هاوبەش ئاماژە بەوە دەکات، کە (زمانی هاوبەش، زمانێکە چەند گەلێك، یان چەند وڵاتێك، یان لەنێو تاکەکانی گەلێکەوە هاوبەشی دەکات)(محمد علی الخولي، 1991: 47).

6_ سەبارەت بە پێناسەی زمانی هاوبەش دکتۆر عبدالرحمن أيوب پێکهاتەی زمانی هاوبەش و ژینگەی بەکارهێنانی تێکەڵ بەیەکتری دەکات و دەڵێت: (زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە ئەدیب و زانایان لە سەرجەم بەشەکانی نیشتمان بەکاری دەهێنن و پێی دەنووسن، لە دەزگاکانی زانستیدا، وەکو قوتابخانە و زانکۆکان کار لە سەر فێربونی زمانی هاوبەش دەکەن و لە هەمان کاتیشدا فەرمانگە فەرمییەکان بایەخ بە بەکارهێنانی ئەو زمانە دەدەن و هەموو ئەمانە پایەی زمانی هاوبەش بەهێز دەکات و دەستەڵات و ژمارەشی زیاتر دەکات)(عبدالرحمن أيوب،1966: 38).

7_ دکتۆر عمر رشيد شاكر السامرائي سەبارەت بە پێناسەی زمانی هاوبەش دەڵێت: (ئەو زمانەیە، کە ژمارەیەك گەل، یان وڵاتان، یان تاکەکانی گەلێك هاوبەشی تیادا دەکەن) (عمر رشيد شاكر السامرائي،2017: 44).

8_ دکتۆر نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو بەم شێوەیە پێناسەی زمانی هاوبەشی کردووە. ((زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە کە هەموو یان زۆربەی زۆری وڵاتێك دەیزانن، کە فرەگەل و فرەزمان بن، ئەم زمانەش بۆ لەیەکگەیشتنی نێوان گەلانی یەك وڵات بەکاردەهێنرێت)) (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، 2014: 38).

9_ لە پێناسەیەکی تری زمانی هاوبەشدا هاتووە، (زمانێکی هاوبەش لە لایەن ئەو تاکانە بەکاردەهێنرێت، کە وێنەیەکی گوتنی جیاوازیان لە لادا هەیە)(عمر رشيد شاكر السامرائي،2017: 44).

کەواتە؛ لەم پێناسانەدا، کە سەبارەت بە زمانی هاوبەش کراوە، ئەوە بە دیاردەکەوێت، کە زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە لە هەرێمی فرەزمانەکان، یاخود دیالێکتە لێك دوورەکانی گەلێك بەکاردەهێنرێت، بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن و نووسین، ئەم زمانە هەندێ جار بە هۆی فرەوانی لە بەکارهێنانی سنوری هەرێم و وڵاتانیش تێدەپەڕێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2_ لایەنی کارەکیی دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا:

### 2_1_کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

سەبارەت بە لایەنی کۆمەڵگەی تویژینەوەکە و لایەنی کارەکی، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، نمونەی توێژینەوەکە و فۆڕمی ڕاپرسی، کە بە پێوەری لیگەرت[1] ئامادەکراوە، یەکێکە لە گرنگترین ڕێگە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ بە دەستهێنانی دەرئەنجامی توێژینەوەکە. کە تیایدا (450) فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەر ئاخێوەرانی کورد، تورکمان، سوریت، ئەرمەنی، عەرەبی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر ئاخێوەران دابەشکراوە و لەم (450) فۆڕمی ڕاپرسییە، (417) فۆڕمیان گەڕاوەتەوە، کە زانیاری و داتاکانیان شیکراونەتەوە و (20) فۆڕمیان لەبەر نەبوونی بنەمای زانستی و وەڵام دانەوەی نادروست پوچەڵکراونەتەوە و هەژمارنەکراون، (13) فۆڕمیان هەر لە لایەن بەرتوێژان بە هۆکاری جیاجیا نەگەڕایەوە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

### 2_2_پەیوەندی زمان و تاکەکەس:

لێرەدا لە ڕێگەی (7) حەوت پرسیار بە شێوەی کارەکی پەیوەندی نێوان زمان و تاکەکەس سەبارەت بە دیاریکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو:

1_ لەگەڵ ئەم ڕایەی، کە ئەگەر زمانێك لە بەرانبەر زمانەکانی تردا لە هەرێمێك، یان وڵاتێك، خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان بوو، دەبێتە زمانێکی بەهێز و باڵادەست؟

---

[1] (پێوەری لیگەرت ئەم پێوەرە لەسەر بنەمای پێوانەی ڕێبەندکراوی ڕەهەندی جێگیر دادەمەزرێت، واتە؛ هەبوونی نمرەی پێوانەیی خاوەن ڕەهەندی شوێنی، یان ماددی نەگۆڕ و زنجیرەیی بە شێوەیەکی سیستماتیکی، ئامانجی بنەڕەتی ئەم پێوەرە بریتییە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی ڕای ئەو تاکانەی توێژەر دەیەوێت پێوانە بکات)(مەعەن خەلیل عومەر،2011 :344-343).

**گۆڤاری قەڵای زانست**


گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(1) زمانی خاوەن دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان لەگەڵ زمانی باڵادەست، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| لەگەڵ ئەم ڕایەی، کە ئەگەر زمانێك لە بەرانبەر زمانەکانی تردا لە هەرێمێك، یان وڵاتێك، خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان بوو، دەبێتە زمانێکی بەهێز و باڵادەست؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 163 | %39.1 |
| | لەگەڵم | 140 | %33.6 |
| | بێلایەنم | 63 | %15.1 |
| | لەگەڵ نیم | 36 | %8.6 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 15 | %3.6 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 3.96 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.101 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %79.18 | |




چارتی ژمارە(1) زمانی خاوەن دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان لەگەڵ زمانی باڵادەست، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتە و چارتی ژمارە(1)دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە رێژەی(39.1%) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە ئەگەر زمانێك لە بەرانبەر زمانەکانی تردا لە هەرێمێك، یان وڵاتێك، خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان بوو، دەبێتە زمانێکی بەهێز و باڵادەست)، هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان پلەی دووەمیان بە ڕێژەی (33.6%) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی(15.1%) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە ڕێژەی(3.6%) لە پلەی کۆتایدایە.

هەر بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە، ناوەندی ژمێریاری (3.96) و ڕێژەی لەگەڵ بوون(79.18%) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (1.101) بووە.

ئەوەی لێرەدا سەرنج دراوە، کە ئەگەر زمانێك لە بەرانبەر زمانەکانی تردا لە هەرێمێك، یان وڵاتێك، خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووان بوو، دەبێتە زمانێکی بەهێز و باڵادەست. ئەم ئەنجامەش زمانی کوردی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان ئەم پلە وەرگرێت، چونکە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا خاوەنی دەستەڵات و شارستانیەت و زۆری ژمارەی دانیشتووانە، ئەمەش بەشێوەیەکی کەتواری لە سەرجەم کایەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کوردی لە پێگەیەکی بەهێزدایە لە چاو زمانە جیاوازەکانی تری هەرێمی کوردستان.


2_ بەڕێزت لەگەڵ ئەوەدایت، کە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە و ڕاییکردنی کارەکانت لە گشت شوێنەکان بەکاربهێنرێت؟

خشتەی ژمارە(2) پشتگیری کردن لە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە لە گشت شوێنەکان، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| بەڕێزت لەگەڵ ئەوەدایت، کە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە و ڕاییکردنی کارەکانت لە گشت شوێنەکان بەکاربهێنرێت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 202 | %48.4 |
| | لەگەڵم | 140 | %33.6 |
| | بێلایەنم | 40 | %9.6 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەگەڵ نیم | 27 | %6.5 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 8 | %1.9 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 4.20 | |
| لادانی پێوانەیی | | 0.987 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %84.03 | |




چارتی ژمارە(2) پشتگیری کردن لە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە لە گشت شوێنەکان، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

لە خشتە و چارتی ژمارە(2)دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی(%48.4) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، (%33.6) کە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە و ڕاییکردنی کارەکانت لە گشت شوینەکان بەکاربهێنرێت؟)، هەربۆیە تێبینی دروستیان کردووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان پلەی دووەمیان بە ڕێژەی (%9.6) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە ڕێژەی(%1.9) لە پلەی کۆتاییدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ئەوەی لە ئەنجامی ئەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێریاری (4.20) و ڕێژەی لەگەڵ بوون (%84.03) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (0.987) بووە.

ئەوەی لێرەدا پیشاندراوە، کە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە و ڕاییکردنی کارەکان لە گشت شوێنەکان بەکاردەهێنرێت، لەم ئەنجامەشدا دەرکەوتووە، کە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواری بۆ ئاخاوتن و کاروباری ڕۆژانەی ئاخێوەران لە گشت شوێنەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکات و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی لە کاروباری ئاخێوەرانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە و ئەمەش وا دەکات، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش بۆ ئاخاوتن و ڕایی کردنی ئیش و کارەکان لە نێو ئاخێوەراندا بەکاربهێندرێت.

3_ بەڕێزت لەگەڵ ئەوە دایت، کە بە خورتی و بە ناچاری زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنیت؟

خشتەی ژمارە(3)بە خورتی بەکارهێنانی زمانی کوردی، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| بەڕێزت لەگەڵ ئەوە دایت، کە بە خورتی و بە ناچاری زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنیت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 35 | %8.4 |
| | لەگەڵم | 31 | %7.4 |
| | بێلایەنم | 87 | %20.9 |
| | لەگەڵ نیم | 147 | %35.3 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 117 | %28.0 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 2.33 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.199 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %46.57 | |




چارتی ژمارە(3) بە خورتی بەکارهێنانی زمانی کوردی، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

زۆربەی بەرتوێژان لە خشتە و چارتی(3)دا، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (35.3%) لەگەڵ ئەوەدان نین، (کە بە خورتی و بە ناچاری زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنیت)، هەربۆیە تێبینی دروستیان کردووە و بە شێوەیەکی ڕوونیش ئاماژەیان بۆ ئەم پرسە کردووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دانین بەتەواوی پلەی دووەمیان بە ڕێژەی(28.0%) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی(20.9%) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵم بە ڕێژەی) لە پلەی کۆتاییدایە.


ئەو ئەنجامەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێریاری (2.33) و ڕێژەی لەگەڵ بوون (46.57%) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی(1.199) بووە.

ئەوەی لێرەدا ڕوون کراوەتەوە، کە ئاخێوەران بە خورتی و بە ناچاری زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بەکارناهێنن، بەڵکو بە پێی ئەم ڕێژەییەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، زۆربەیان لەگەڵی نین و بە ئارەزووی خۆیان ئەم زمانە بەکاردەهێنن. بەم شێوەیە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواری لەگەڵ ئاخێوەرانیدا لە هەرێمی کوردستان دروست بکات و ئاخێوەرە زمان جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە یەك سنوری جوگرافی بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

4_ لاگیری لەوە دەکەیت، کە کار و پیشەکەی بەڕێزتان بۆتە هۆی ئەوە، کە زمانی کوردی بەکاربهێنیت؟

خشتەی (4) پشتگیری کردن لە زمانی کوردی لە کار و پیشەدا، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| لاگیری لەوە دەکەیت، کە کار و پیشەکەی بەرێزتان بۆتە هۆی ئەوە، کە زمانی کوردی بەکاربهێنیت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 157 | %37.6 |
| | لەگەڵم | 123 | %29.5 |
| | بێلایەنم | 57 | %13.7 |
| | لەگەڵ نیم | 55 | %13.2 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 25 | %6.0 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 3.80 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.242 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %75.92 | |




چارتی ژمارە(4)پشتگیری کردن لە زمانی کوردی لە کار و پیشەدا، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

لە خشتە و چارتی (4)دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (%37.6) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە کار و پیشە بۆتە هۆی ئەوە، کە زمانی کوردی بەکاربهێنیت)، هەربۆیە بە شێوەیەکی کەتواری ئەوە سەلمێندراوە، کە کار و پیشەی هەر ئاخێوەرێك لە شوێنی کار پێویستی بە بەکارهێانی زمانێك هەیە و پلەی یەکیش گوزارشت لەو زمانە کراوە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان بە

رێژەی (%29.5) پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە رێژەی (%13.7) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە رێژەی (%6.0) لە پلەی کۆتایدایە.

لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامە، ناوەندی ژمێریاری (3.80) و رێژەی (%75.92) لەگەڵ بوون بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (1.242)بووە.


هەر بەپێی ئەم خشتەیە پشتگیری تەواو لەوە کراوە، کە کار و پیشە بۆتە هۆی ئەوە، کە ئاخێوەران لە شوێنی کارەکەیان زمانی کوردی بەکاربهێنن، لەم رێگەیەوە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواریی هاوبەش لە نێو ئاخێوەران لە شوێنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان دروست بکات و زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە شوێنی پیشە جۆراوجۆرەکاندا بەکاربهێندرێت.

5_ بەرێزت لەگەڵ ئەوەیت، کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت؟

خشتەی ژمارە(5) گرنگیدان بە زمانی کوردی، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %رێژەی |
|---|---|---|---|
| بەرێزت لەگەڵ ئەوەیت، کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 262 | %62.8 |
| | لەگەڵم | 98 | %23.5 |
| | بێلایەنم | 37 | %8.9 |
| | لەگەڵ نیم | 12 | %2.9 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 8 | %1.9 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 4.42 | |
| لادانی پێوانەیی | | 0.909 | |
| رێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %88.49 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




چارتی ژمارە(5) گرنگیدان بە زمانی کوردی، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

لە خشتە و چارتی (5)دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (62.8% ) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی ، (کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت)، هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان بۆ پێ کردووە و تێبینی دروستیان لەم بارەیەوە داوە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان پلەی دووەمیان بە ڕێژەی (23.5%) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی (8.9%) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و بڕگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە ڕێژەی (1.9%) لە پلەی کۆتایدایە.

لە ئەنجامی ئەم خشتەیەدا دەرکەوتوو، کە ناوەندی ژمێریاری (4.42) و ڕێژەی لەگەڵ بوون(88.49%) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (0.909) بووە.


ئەوەی لێرەدا پشتگیری کراوە، کە پێویستە لایەنی بەرپرس لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە زمانی کوردی بدات، لەم ئەنجامەشدا پیشاندراوە، کە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواری لە گرنگدان بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دروست بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر خواستی بەرتوێژان گرنگی بە زمانی کوردی بدات. ئەمەش ئەوە دەردەخاتەڕوو، کە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرچی زمانی تریشی تیادا بەکاردەهێنرێت، بەڵام زمانی کوردی لە پێشەنگی ئەو زمانانەدایە و جێگەی بایەخ پێدانی ئاخێوەرانیەتی، هەربۆیەشە داوای گرنگی دان بەم زمانە دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6_ لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتیانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت؟

خشتەی ژمارە(6)پشتگیری کردن لە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش، نموونەی توێژینەوەکەدەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتیانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 197 | %47.2 |
| | لەگەڵم | 116 | %27.8 |
| | بێلایەنم | 54 | %13.0 |
| | لەگەڵ نیم | 36 | %8.6 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 14 | %3.4 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 4.07 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.117 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %81.39 | |




چارتی ژمارە(6)پشتگیری کردن لە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش، نموونەی توێژینەوەکەدەردەخات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتە و چارتی ژمارە(6)دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی(47.2%) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتیانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت)، هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان پێ کردووە و تێبینی دروستیان بۆ ئەم پرسە کردووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان پلەی دووەمیان بە ڕێژەی (27.8%) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی (13.0%) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و بڕگەی لەگەڵی دانین بەتەواوی بە ڕێژەی (3.4%) لە پلەی کۆتایدایە.

ئەو ئەنجامەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێریاری (4.07) و ڕێژەی لەگەڵ بوون (81.39%) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی(1.117) بووە.

ئەوەی لێرەدا ڕوون کراوەتەوە، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتیانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت، هەربۆیە بە پێی ئەم ڕێژەییەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، زۆربەی ئاخێوەران لەگەڵی دان بەتەواوی، کە زمانی کوردی پێویستە، وەکو زمانی هاوبەش لە نێو ئاخێوەران لە هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێندرێت. بەم پێیە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواری لەگەڵ ئاخێوەرانیدا دروست بکات و لە نێو فرەزمانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی ببێتە زمانی هاوبەشی ئەم کۆمەڵگەیە.


7_ لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی هاوبەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان؟

خشتەی ژمارە(7) زمانی هاوبەش و سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | %ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی هاوبەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 189 | %45.3 |
| | لەگەڵم | 114 | %27.4 |
| | بێلایەنم | 51 | %12.2 |
| | لەگەڵ نیم | 37 | %8.9 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 26 | %6.2 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 3.97 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.222 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) | | %79.33 | |




چارتی ژمارە(7)زمانی هاوبەش و سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

زۆربەی بەرتوێژان لە خشتە و چارتی ژمارە(7)دا، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (%45.3 ) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە زمانی هاوبەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان)، هەربۆیە بە شێوەیەکی کەتواری ئەوە سەلمێندراوە، کە زمانی هاوبەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ دیاریکردنی سنورێکی جوگرافی و پلەی یەکیش گوزارشت لەو زمانە دەکات. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان بە ڕێژەی (%27.4) پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی (%12.2) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتویژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە ڕێژەی (%6.2) لە پلەی کۆتایدایە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامە، ناوەندی ژمێریاری (3.97) و ڕێژەی(%79.33) لەگەڵ بوون بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (1.222)بووە.

هەر بەپێی ئەم خشتەیە پشتگیری تەواو لەوە کراوە، کە زمانی هاوبەش دەتوانێت ناوچەیەکی پێ دەستنیشان بکرێت و لە ناوچەکانی تری پێ جیا بکرێتەوە، لەم ڕێگەیەوە زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتوارییی بە هۆی سنوری دیاریکراوی زمانەکەی لە هەرێمی کوردستان دروست بکات و زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش  لە سەرجەم شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێندرێت.

## دەرئەنجام

1_ زمانی هاوبەش لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنرێت، ئاخێوەرانی زمان جیاواز لە کۆمەڵگەی فرەزمانیدا بۆ پەیوەندیکردن و ئاخاوتنی نێوانیان بەکاری دەهێنن.

2_ لە سنورێکی جوگرافیدا زمانێك لە ناو ژمارەیەك زمان بە هۆی هەڵکەوتنی بارودۆخێکی بازرگانی، سیاسی، ئاینی و کۆمەڵایەتی  خۆی زاڵدەکات و دەبێتە زمانی هاوبەش.

3_ لە ڕووی چەندایەتیدا نەتەوەی کوردی ژمارەی دانیشتوانی لە هەرێمی کوردستاندا لە نەتەوەکانی تری، وەکو تورکمانی، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەبی و نەتەوەکانی تر زیاترە و لە ڕووی چۆنایەتیشدا هەم نەتەوەی کورد شارستانیەتییەکەی لە پێش ئەم نەتەوانەیە و خاوەنی دەستەڵاتیشە، ئەمانە بوونەتە هۆکارێك، کە بەرتوێژان زمانی کوردی، وەکو زمانی هاوبەش دەستنیشان بکەن.

4_ زمانی کوردی بەو هۆیەی بۆتە زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، ئاخێوەرە زمان جیاوازەکانی لە جیاتی دابڕانی زمانی و کۆمەڵایەتیدا، بەرەو یەکبوون و نزیك بوونەوە و تێکەڵاوی بردووە.

## پێشنیاز

1_ پێشنیازی ئەوە دەخەینەڕوو، بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی بۆتە زمانی هاوبەش بۆ ئاخێوەرە زمان جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلان ئەم زمانە گەشەپێبداتن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:

1_ Bakir.N.S, (2010) دایگلۆسیا لە زمانی کوردیدا, وەرگێڕانی: ڕۆژگار جەلال، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(6)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

2_ شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا، (2011)، زمانڤانیا کارەکی، چاپا ئێکی، چاپخانەیا خانی، دهۆك.

3_ عەلی عەبدولواحید وافی(د.)، (2007)، زانستی زمان، وەرگێرانی: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم(د.)، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

4_ فەریدوون عەبدوول بەرزنجی(د.) و سەباح ڕەشید(د.)، (2013) بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆڵەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(26)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5_ فوئاد حمە خورشید(د.)، (2018)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، توێژینەوەیەکی جوگرافی وەرگێڕانی: سوداد ڕەسووڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

6_ کامیار سابیر، (2009)، لینگوا فرانکای کوردیی، زمانی ستاندەرد و فەرمیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج.

7_ مەعەن خەلیل عومەر، (2011)، میتۆدی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

8_ محمد معروف فتاح(د.)، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

9_ محمد معروف فتاح، (1986)، سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(112)دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحرية للطباعة, بغداد.

10_ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(د.)، (2014)، زار و زمان، چاپی دووەم زیادکراو و پوختکراو، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

11_ هێرش کەریم، (2011)، پەیوەندی زمان و کۆمەڵگا، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(2)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

12_ وریا عومەر ئەمین(د.)، (2011)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

### دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

13_ ج. ڤندريس, (2014), اللغة, ترجمة, عبدالحميد الدواخلي, محمد القصاص(د.), تقديم: فاطمة خليل, المركز القومي للترجمة, القاهرة.

14_ حاتم صالح الضامن(د.), (1989), علم اللغة, طبع بمطبعة التعليم العالي بالموصل.

15_ رمضان عبدالتواب(د.), (1985), المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي, الطبعة الثانية, مكتبة الخانجي للطباعة و النشر و التوزيع, مطبعة المدنى المؤسسة السعودية بمصر.

16_ عبدالرحمن أيوب(د.), (1966), محاضرات في اللغة, مطبعة المعارف, بغداد.

17_ عبده الراجحي(د.), (1995), علم اللغة التطبيقي و التعليم العربية, دار المعرفة الجامعية, اسكندرية.

18_ عمر رشيد شاكر السامرائي(د.), (2017), العربية المشتركة دراسة في ضوء المنهج اللغوي التأريخي, الطبعة الاولى, دار غيداء للنشروالتوزيع, عمان, الاردن.

19_ محمد محمد يونس علي, (2004) مدخل الى اللسانيات, الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة, بنغازي, ليبيا.

20_ محمد علي الخولي(د.)، (1991), معجم علم اللغة النظري, طبع في لبنان، مكتبة لبنان، بيروت.

21_ محمود السعران(د.), (1963), اللغة و المجتمع رأى و منهج, الطبعة الثانية مزيدة و منقحة, الاسكندرية.

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

22_Aronoff, Mark and Rees- Miller, Janie, (2003), The handbooks of linguistics, first published, by Blackwell publishing Ltd.

23_ Crystal, David (1992), An encyclopedic dictionary of language and languages, first published, Blackwell published.

24_ ___________, (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing Ltd.

25_Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N.,(2014), An introduction to language, tenth edition, Wadsworth cengage learning, printed in the United states of American.

26_Matthews P.H., (2011), Oxford, concise dictionary of linguistics, second edition, Oxford university press.

## ملخص البحث

تحديد اللغة المشتركة من منظور علم اللغة الأجتماعي للمجتماعات معرفة بالمجتمعات التعدد اللغوي والتي تعيش ضمن حدود جغرافي واحد كأقليم أو دولة واحدة, يجمعهم نظام واحد و يتعاملون مع شؤونهم اليومية وفق معايير هذا النظام، ضرورة آنية.

أن هذا البحث بعنوان (تحديد اللغة المشتركة في اقليم كوردستان, دراسة اللسانيات الأجتماعية الميدانية)، و يتكون حدود هذا البحث من متكلمي أقليم كوردستان _ العراق, التي يتكون من محافظات هولير، سليماني، دهوك، حلبجة, و أسلوبه لأخذ المعلومة من كل مكونات القومية و المستوطنين أقليم كوردستان عن طريق توزيع استمارة الاستبيان بصورة الاختيار العشوائي و الميداني يدا بيد وقد تم تحديد حدود جمع المعلومات من اللغة المشتركة في أقليم كوردستان, أن منهج البحث عبارة عن منهج علم اللغة الاجتماعي التحليلي التطبيقي مع برنامج ئيس بى ئيس ئيس (SPSS), يحدد هذا البرنامج المعلومات بشكل الجدول و يحلل المعلومات وكذلك يظهر النتائج.

أفترض الباحث ان أقليم كوردستان متكون من عدة امم و اعراق ولغات مختلفة، من الضروري ان يكون أحدى لغات هذا الأقليم و خاصة اللغة الكردية اللغة المشتركة لمتكلميها والذين يحتكون ببعض يوميا لأسباب و دوافع مختلفة, هذا البحث يتكون من المقدمة و جزئين، وفي الخاتمة يوجد النتيجة و توصية البحث و المصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الأنجليزية.

**الكلمات الدالة: اللغة المشتركة, اللغة, علم الأنسان, علم اللغة الأجتماعي, أقليم كوردستان.**

## Specification of Lingua Franca in Kurdistan Region, Applied Sociolinguistic Study

**PhD student. Amir Muhammad Muhammadamin**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

**Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Abdullah.Hussein@su.edu.krd

***Keyword**: Lingua Franka, Language, Ethnicity, Sociolinguistics, Kurdistan region.*

## Abstract

The specification of a Lingua franca from the perspective of sociolinguistics for the societies that are known as the multilingual societies and who live within one geographical boundary such as a "region" or a country that are united by one system through which they deal with their daily affairs is an immediate necessity.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

This study is entitled (Specification of Lingua Franca in Kurdistan Region, Applied sociolinguistic study). The scope of this study is confined to the speakers of the Kurdistan Region of Iraq, which includes the governorates of Hawler, Soleimani, Duhok, and Halabja. The research method was devoted to collecting data in terms of all the national components and all speakers of the people of the Kurdistan region through the questionnaire form being represented by random sampling and field practice. The scope of data collection on Lingua Franca in Kurdistan region was pinpointed. The research method adopted is an applied analytical sociolinguistics approach with SPSS program. This program identifies the data in the form of a table, analyzes them, and shows the results.
The researcher hypothesized that the Kurdistan Region is made up of many different nations, races, and languages. It is necessary to choose one of the languages of this region, especially the Kurdish language, as lingua franca of its speakers who are in touch with each other on a daily basis for different reasons and motives. Finally, this study include introduction, two chapter, results, the recommendation and the list of references are followed by both Arabic and English abstracts.